# بسته خاکی ژێر سنگی عومەری خاوەر چی لێ ئەکەن؟؟




**ئاسۆعەبدوللەتیف**

له تەواوی کولتورەکانی دونیادا ئەو شتەی که بەهای نەتەوەیی و مێژوویی خۆی هەیە شتگەله کۆن و شوێنەواره مێژووییەکان و پەیکەر و خشڵ و تاق و نەختینه کەلەپوریەکانن و وەك چاویان ئەیپارێزن له دەستێوەردان و لابردن و دزی، لەگەڵ ئەوەشدا مۆزەخانەی گەورەگەورەیان بۆ کردونەتەوە یان دەوڵەت ئەرکی پاراستنی ئەو سومبوله کۆنانەی وەئەستۆ گرتووە، چونکه جاری وا هەبووە هێزی کۆنزەرڤاتیڤ و نەخوێندەوار، بە دەسەڵات گرتنەدەستیان پەیکەرو شوێنه مێژووییەکانیان لەناوبردووە، نمونەی هەڵتەکاندن و تەقاندنەوەی پەیکەرەکانی بوزا له ئەفغانستان بەدەستی تالیبانیەکان، له هەڵەبجەی شەهید و پاش 3 ساڵ له ڕوودانی کارەساتی کیمیابارانی ئەوشارە، هونەرمەند سیروان عوسمان له گەرمای هاوینی 91 و لەسەر گیرفان و هیلاکبوونی خۆی دێت هەڵوێستێکی نەتەوەیی بۆ ئەو شاره تۆمار ئەکات به دروستکردنی پەیکەری عومەری خاوەر که بوویه ڕەمزی مەزڵومیەتی کوردو سومبولی 5000 قوربانی هەڵەبجە، ئێمه ناڵێین ئێستا ئەو پەیکەره دەبێ وەك پەیکەرێکی کۆن و دانسقه تەماشا بکەین، بەڵام خۆ ناشبێت ڕێزی نەگرین و به بڕیارێکی سەرپێیی لایبەرین، تەمەنی ئەو پەیکەره ئێستا 16 ساڵی تێپەڕاندووەو بووەته جۆرێك له کەلەپوری ئەوشارەو خەڵکی وێنەی یادگاری لەگەڵدا ئەگرن و له چەندین فیلمدا دیکۆمێنت کراوەو ناکرێت هەروا بەئاسانی لاببرێت، ئەو پەیکەره ئێستا ڕەمزو کەلەپورێکی ئەوشارەیەو گرنگیەکەی لەوەدایه که کۆن بووەو باوەشی گەرمی کردووه بەو منداڵەی باوەشیداو توووند لەو خاکەی هەڵەبجەش گیربووەو 16 ساڵێکی دیکه ڕەنگه ئەو پەیکەره گرانبەهاترین پەیکەربێت و وەك

شوێنەوارێکی دێرین و کولتورییش تەماشا بکرێت، ئایا لەبیرمان چوو ئێستاش پارچە شکاوەکانی پەیکەری سەدام حسینی دیکتاتۆرو جەللادی عیراق کە لەپاش پرۆسەی ئازادی عیراقەوە بە زنجیر لە بەغدا هێنرایە خوارو شکێنرا، لە مۆزەخانەکانی عەرەب و ئەوروپادا وەك شتێکی گرانبەها تەماشا ئەکرێت و زیاد لە پێویست نرخ و فرۆشی هەیەو دەستاودەست ئەکات، ئێمە کەی فێری ئەوە ئەبین کە رەمز دروست بکەین و نەوەی ئاینده تێبگەیەنین لەو کارەسات وماڵوێرانیانەی رابردوومان؟ پەیکەری عومەری خاوەر ئێستا رەمزو شەهامەتی قوربانیان و ناسنامەی هەڵەبجەییەکانەو ناکرێ بە ئاسانی لایبەرن بە بۆنەی هەندێ شتی لاوەکیەوە، لەپاشان شوێنێکی ئەوتۆشی نەگرتووە تا سەری دنیامان لێ بێتەوە یەك، ئەگەر ئازان و خزمەتی سومبولەکانمان ئەکەن و ئەڵێن جوانتری ئەکەین وەرن با پەیکەرەکە لە شوێنی خۆیدا بەرز بکەینەوەو جێگاکەی لەو پیس و پۆخڵی و شوێنگای بازارو چەوری و فیتەرییە رزگار بکەین، وەرن با شوێنەکەی شایستەو ئاڵتونی و مەڕمەڕیی بکەین بەبێ ئەوەی کە دەستکاری خودی پەیکەرەکە بکەین، من نازانم ئاخۆ ئەم دەنگۆیە بۆتە بڕیار کە ئەو پەیکەرە لابەرن یان نا؟ ئەی کە لایانبرد بۆ کوێی ئەبەن و بەدیلی ئەو رەمزە چی ئەبێت بۆ قوربانیان؟ کێ هەڵدەسێ بەو کارەو ئاخۆ پارچە ووردو خاشبووەکانی بۆ کوێ ئەبەن و چی لە شوێنی ئەو پەیکەرەدا دا ئەنێن؟ چ جێگایەکی دیکەی هەڵەبجە ئەوەندە بەرچاوو شایستەی ئەو پەیکەرەیە؟ بیانوو لە رووخاندنی ئەم پەیکەرە چیەوئاخۆ ئەوەیە کە بەرجادە ئەکەوێ و ئەیکەن بە پارکی ئاڵتونی!! کە ئەمەیان بەڵگەیەکی لاوازە؟ یان میزاجەو ململانێ سیاسی و حیزبیەکانی هەڵەبجەی لە پشتەوەیەو هەر حیزبەو ئەیەوێت ئەو رەمزەی کە دادەنرێ بۆ قوربانیان یان دانراوە کاتی خۆی بە دەستپێشخەری خۆی بێت و خۆی دروستی بکاتەوە جارێکی دیکە،

ئاخۆ هەرهەموو جادەو کەلاوەکانی هەڵەبجە ئاوەدانکراونەتەوە تەنها چاوەروانی ئەو بستە خاکەی ژێرسنگی عومەری خاوەر ئەکەن تا قیری بکەن و ئاوەدانی بکەنەوە و پەیکەرەکەش شەهیدو ووردوخاش بکەن، بەراستی کارەساتە بیرۆکەیەکی وەها لە هەرکەس و لایەنێك بوەشێتەوە، لەکاتێکدا هەرچی مۆزەخانەو مینۆمێنت و کەلەپوری هەڵەبجە هەیە لەو فولکە بچوك و پەیکەرە خەمگین و بێنازەی عومەری خاوەردا چڕبۆتەوە..